# ڕێبەری حەوتەم – وانەی (٣٣)

| نوێژ | ١ |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| بەشداریکردن (٢٠ خولەك)   عیبرانیەکان | ٢ |
|---|---|

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (عیبرانیەکان ١- ٣).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .
تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| لەبەرکردن (٥خولەك)            یۆحەنا ١٣: ٣٤-٣٥ | ٣ |
|---|---|

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن : یۆحەنا ١٣: ٣٤-٣٥ .

| فێرکردن (٨٥ خولەك) بڕیاروەرگرتن و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری | ٤ |
|---|---|

**پێشەکی** : ئەم فێرکردنەی پێشکەش دەکرێ لەم وانەیەدا تایبەتە بە بنەماکان و پەیڕەوکردنی بڕیاروەرگرتن و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری . خەڵکی دەپرسن و هەوڵ دەدەن وەڵامیان دەست بکەوێت ، وە پێویستیان بە بڕیاروەرگرتن هەیە . لەم وانەیەدا فێردەبین لەبارەی ئامۆژگاری پێشکەشکردن و چۆنیەتی یارمەتیدانی خەڵکی لە بڕیاروەرگرتن وپلان دانان . هەروەها تیایدا فێر دەبین لە ئەوەی کە دەبێت ڕابەرانی کڵێسا چۆن بن ( ئەگەر چی ئەوانە لە کڵێسا بن یان کۆمەڵەی نێو ماڵان) چۆن بڕیارەکان وەردەگرن و پلان دادەنێن لە چواچێوەی دەستەی پیراندا ( لیژنە یان ئەنجومەنی کڵێسا). هەروەها بڕوانە " دانانی پلانی باش" لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٧ ، پاشکۆی ٣.

**أ. فێربە داوای ئامۆژگاری بکە لەوەی پەیوەستە بە بڕیارەکانت و بژاردەکانت وپلانەکانت**

**پێشەکی** : پێش ئەوەی باوەڕدار ئامۆژگاری کەسانی دیکە بکات ، دەبێت فێر بێت کە داوای ئامۆژگاری بکات و لە خەڵکی دیکەی قبوڵ بکات . پەندەکان نمونەو پەندی زۆر تێدایە لە ڕاستیەکان و فێرکردن و

دانایی. ئەمانەی خوارەوە چەند ڕاستیەك و دانایین سەبارەت بە كاریگەری مەزنی داواكردنی ئامۆژگاری باش وقبوڵكردنی .

**١. باوەرداری مەسیح داوای ئامۆژگاری دەكات لە پێناوی وەرگرتنی بڕیاری باشتر و دانانی پلان .**

پەندەكان ١٥: ٢٢**بخوێنەوە** .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : بۆچی دەبێت باوەڕداری مەسیح فێر بێت داوای ئامۆژگاری بكات ؟

**تێبینیەكان** .

باوەڕدار پێویستی بەوەیە فێر بێت داوای ئامۆژگاری بكات بۆ ئەوەی توانای وەرگرتنی بڕیاری دروست و بژاردەی گونجاو و دانانی پلانی داڕێژراوی تۆكمەی هەبێت .

لە پەندەكان ١٥: ٢٢ دەخوێنینەوە : " پلان بەبێ ڕاوێژ پووچەڵ دەبێت،
بەڵام بە زۆری ڕاوێژكاران سەردەكەوێت."

هەموو خەڵكی بڕیارەكانیان وەردەگرن و لە نێو چەند بژاردەیەك و ئەلتەرناتیڤێك هەڵبژاردەیەكیان دەبێت بۆ پلانەكانیان ، بەڵام هەموو خەڵكی بڕیاری باش و بژاردەی گونجاو و پلانیان باشیان نیە ،چونكە ئەو بڕیار وبژاردەو پلانانەیان بە بێ ئامۆژگاری و ڕاوێژی كەسانی تر ئەنجام دەدەن . چونكە پێیان وایە ئەوان هەموو شتێك دەزانن و پێویستیان بە كەسانی دیكە نیە لە ژیاندا . بەڵام خودا هۆشداری دەدات و بەلایەوە پلانی ئەو جۆرە خەڵكانە بە دڵنیاییەوە شكستخواردوە ! بۆیە پرسیاركردن و داواكردنی ڕاوێژی كەسانی تر یارمەتیت دەدات لە بیركردنەوە سەبارەت بە چەندین لایەنی جیاواز لە بڕیارەكانتدا یان بژاردە و ئەلتەرناتیڤەكان و پلانەكەتدا . بۆ هەر پرسیارێك كە دەخرێتە ڕوو یان هەر بژاردەو پلانێك دەرئەنجامی دەبێت ! ڕەنگە ئەنجامی باشی هەبێت یان خراپ یان جیاواز لەوەی چاوەڕوانی بوویت ! بیركردنەوە لە ئەنجامی چاوەڕوانكراو بۆ بڕیارێكی دیاریكراو یان بژاردەیەكی دیاریكراو یان پلانێكی دیاریكراو لەگەڵ كەسێكی دیكەدا دەرفەتت دەداتێ بۆئەوەی تۆكمە تر بێت و هۆشیارتر بیت لە بڕیار و بژاردەو پلانەكەتدا .

**أ. لە بارەی ڕۆحی و ئەخلاقیەوە باوەڕداران دەبێت ڕاوێژ بە كێ بكەن .**

تۆ باوەڕداری مەسیحی ، بەشێكی لە جەستەی مەسیح و پێویستت بە ئەندامانی دیكەی كڵێسا هەیە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە كار بكەیت ( ١كۆرنسۆس ١٢: ٢١). پێویستت بەوەیە پرسیار بكەیت و داوای ڕاوێژ بكەیت بۆ یارمەتیت دانت لە بیركردنەوە لەو بڕیارەی دەیدەیت یان بژاردەو پلانەكەت . ئەوەی پەیوەست بێت بە بابەتی ڕۆحی و ئەخلاقیەوە دەبێت ئامۆژگاریكارو ڕاوێژكارەكەت پێگەیشتوو بن لە ڕووی ڕۆحیەوەو دوبارە هدایك بووبنەوە و خوداناس بن ، چونكە بێباوەران هەڵگری بیری مەسیح نین ( ١كۆرنسۆس ٢: ١٢- ١٦)، وە باوەڕدارانی ناپێگەیشتوو ناتوانن جیاكاری بكەن لە نێوان چاكەو خراپەدا ( عیبرانیەكان ٥: ١٤)، وە خودا گوێ لە خراپەكاران ناگرێت ( ١پەترۆس ٣: ١٢) .

**ب. لەبارەی بابەتی دیکەوە دەکرێ ئامۆژگاریکارو ڕاوێژکارت شارەزاو پسپۆڕ بن ئەگەرچی بێباوەڕیش بن .**

تۆ کە باوەڕداری مەسیحی ، بەشێکی لە کۆمەڵگەکەت ، وە پێویستت بە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەکەت هەیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر کار بکەیت. بۆ هەموو ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیان بە بواری ڕۆحی و ئەخلاقیەوە نیە دەتوانی ڕاوێژکارو ئامۆژگاریکارت بێباوەڕ بێت ، چونکە زۆربەیان خاوەن شارەزایی و پسپۆڕن و پێویستت پێیەتی .

دەبێت داوای ڕاوێژ لە زۆرینە بکەیت ، چونکە پێویستت بە ڕاستیەکان هەیە بۆ بڕیارو پلانت . هەروەها پێویستت بە بیرکردنەوە هەیە لەگەڵیان بۆ بڕیارو پلانەکانت چونکە دەرئەنجامیان دەبێت . هەرچەندە زانینی ڕاوێژکارانت زیاتر بێت ئاۆژگاریەکانیان بۆتۆ باشتر دەبێت و پێگەیشتوو تر دەبێت ( پەندەکان ٢٧: ٢٣).

**٢. باوەڕداری مەسیح داوای ئامۆژگاری دەکات لەپێناوی ئەوەی پەیوەندیەکەی بە خوداو خەڵکانی دیکەوە باشتر بکات و هەروەها بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان .**

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە: بەپێی ئەم ئایەتانەی خوارەوە ، دەبێت باوەڕداری مەسیح فێر بێت داوای ئامۆژگاری و ڕاوێژ بکات ؟

**أ. تۆ داوای ئامۆژگاری و ڕاوێژ دەکەیت بۆ باشترکردن و گەشەی پەیوەندیت بە خوداوە .**

ئیشایا ٣٠: ١- ٢ **بخوێنەوە** ، " یەزدان دەفەرموێت:
قوربەسەر کوڕانی کەللە ڕەق،
پلانێك جێبەجێ دەکەن کە هی من نییە، داڕێژراوێك دادەڕێژن کە لە ڕۆحی منەوە نییە بۆ ئەوەی گوناه لەسەر گوناه زیاد بکەن. دەڕۆن هەتا بەرەو میسر شۆڕ بنەوەبێ ئەوەی پرس بە من بکەن، هەتا پەنا بدەنە پاڵ قەڵای فیرعەون، لە سایەی میسر پەناگیر بن. " خودا ئاگادارت دەکاتەوە لەوەی پێویستە پشت بەخودا ببەستی بۆ بڕیارەکانت و پلانەکانت . خودا دەیەوێ گەلەکەی ڕاوێژی پێبکەن ، وە نەچنە نێو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی دیکەوە جگە لە ڕۆحی خۆی ، وە پلانەکانی ئەو جێبەجێ بکەن ! داوای ڕاوێژی خودا بکە و قبوڵی بکە خواستی خودا دەزانی و دەتبات بەرەو پەیوەندی باشتر لەگەڵ خۆی .

**ب. تۆ داوای ئامۆژگاری و ڕاوێژ دەکەت بۆ باشترکردن وگەشەی پەیوەندیت بەکەسانی دیکەوە .**

پەندەکان ١٩: ٢٠- ٢١ ؛ ١٤: ٢٢. **بخوێنەوە** : پەندەکان ١٩: ٢٠- ٢١:" گوێ لە ڕاوێژ بگرە و تەمبێکردن وەربگرە،بۆ ئەوەی دانا بیت لە دواڕۆژت. مرۆڤ پلانی زۆری لە دڵدایە،بەڵام تەنها ڕاوێژی یەزدان دەچەسپێت." ئەو کەسەی داوای ئامۆژگاری ناکات و ڕاوێژ قبوڵ ناکات گێلە لەبەرچاوی خودا . دەبێت باوەڕداری مەسیح گوێیگرێ لە ئامۆژگاری و فێرکردن قبوڵ بکات. لە پەندەکان ١٤: ٢٢ دەخوێنینەوە :" ئایا وێڵ نابن ئەوانەی پیلانی خراپە دادەڕێژن؟ بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی لەگەڵ ئەوانەیە کە پلانی چاکە دادەڕێژن." داواکردنی ڕاوێژی چاك و قبوڵکردنی زیاتر دانایی و چاکەکاری وخۆشەویستیت دەداتێ ، ئەمەش وات لێدەکات پەیوەندیەکی باشترت هەبێت لەگەڵ خەڵکی.

**ج. تۆ داوای ئامۆژگاری و ڕاوێژ دەکەیت بۆ باشترکردن وگەشەی پەیوەندیت بە بارودۆخە سەختەکان وچۆنیەتی مامەلەکردنت لەگەڵیدا.**

پەندەکان ٢٨: ١٤ بخوێنەوە کە دەفەرموێ : " خۆزگە دەخوازرێ بە کەسێك بەردەوام لە یەزدان بترسێت، بەڵام ئەوەی دڵی خۆی ڕەق بکات دەکەوێتە خراپەوە." داواکردنی ئامۆژگاری و قبوڵکردنی پێویستی بە ساکاری هەیە . ئەوەی دڵی ڕەق بکات بەرامبەر بە ئامۆژگاری و ڕاوێژ بە دڵنیاییەوە دەکەوێت و ڕۆدەچێت لە کێشەکانیدا. خودا بەرهەڵستی لوتبەرزەکان دەکات ( ١پەترۆس ٥: ٥) ، وە هەمیشە لوتبەرزی لە پێش کەوتنەوە دێت. دەبێت دڵت بەنەرمی بمێنێتەوە ، وە شایستەی فێربوون بێت ، وە لە ترسی خوداوەندا بمێنێتەوە . کاتێ گوێ دەگریت لە ئامۆژگاری باوەڕدارانی دیکە ، دەتوانی بڕیاروپلانەکانت لەگەڵ خواستی خودا کە لە کتێبی پیرۆزدا ڕاگەیەنراوە یەکبگرێ . وە کاتێ داوای ئامۆژگاری دەکەیت وقبوڵی دەکەیت ، شورای پارێزگاریی بۆ خۆت دادەنێی لە کاتی چەوسانەوەکان وکێشەکاندا ، وە دەتوانی زیاتر تواناداربیت لە خۆگونجان و مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخە سەختەکان .

<u>**٣. باوەرداری مەسیح بەرپرسیارەو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ لەبەردەم خودا لەسەر بڕیارەکانی و بژاردەکانی وپلانەکانی .**</u>

٢کۆرنسۆس ٥: ١٠ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بۆچی دەبێت باوەڕداری مەسیح بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ لە بڕیارەکانی و بژاردەو پلانەکانی ؟

**تێبینیەکان** .

نابێت تەنها بە ڕاوێژ وئامۆژگاری کەسانی دیکە بڕیار بدەیت وبژرادەو پلانەکانت ئەنجام بدەیت ، نابێت گلەیی لە کەسانی دیکە بکەیت کاتێ شکست دەهێنیت لە ئەنجامی ڕاوێژو ئامۆژگاری ئەوان ، چونکە هەمیشە بەرپرسیاریت لە وەرگرتنی بڕیار و بژاردە و پلانەکانت ! تۆ بەرپرسیاری لەبەردەم خودا ەسەر بڕیارو بژاردەو ئەنجامی پلانەکانت.

**ب. فێر بە ڕاتسیەکان کۆبکەیتەوە پێش ئەوەی ئامۆژگاری و ڕاوێژ پێشکەش بکەیت**

پێش ئەوەی باوەڕدار ڕاوێژی کەسانی دیکە بکات دەبێت فێر بێت چاودێری بکات وگوێبیست بێت و پرسیار بخاتە ڕوو . دوای ئەوەی هەموو ڕاستیەکانی دەست دەکەوێت دەتوانێ ئامۆژگاری باش پێشکەش بە کەسانی دیکە بکات لەسەر بڕیاردانی باش . بڕوانە " کۆکردنەوەی ڕاستیەکان لە پێناوی پێشکەشکردنی ئامۆژگاری" لە ڕێبەری ڕینماییەکانی حەوتەم ، پاشکۆی ٢.

**ج. فێر بە بڕیارەکانت بدەیت و بژاردەکانت دیاری بکەیت بۆ دانانی پلانی کەسێتیت**

**پێشەکی** : بڕیار وەرگرتن لە نێوان بژاردەو ئەلتەرناتیڤە جیاوازەکان و دانانی پلان . دەبێت بۆ وەرگرتنی هەندێ بڕیار لەسەر بنەمای ڕوونی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بێت . بۆ نمونە بڕیاردان لەسەر دزی نەکردن یان درۆ نەکردن ئەم بڕیارانە لەسەر بنەمای دە ڕاسپاردەکەیە . وە هەندێ بڕیاری دیکە هەیە لەسەر بنەمای دانایی خودایە و پێویستی بە هەوڵ وتێکۆشانی زۆر هەیە لە وەرگرتنیدا . بۆ نمونە بڕیار سەبارەت بە ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کێدا بکەیت ، وە بڕیاری پەیوەست بە فەرمانبەری وکارکردن ئەمانە زۆر قورسن چونکە ئەم کاروبارانە ڕانەگەیەنراون لە کتێبی پیرۆزدا . لە کۆتاییدا بڕیاری دیکە هەن دەبێت وەربگیرێن لەسەر بنەمای ئەو بارودۆخەی خودا ڕێکی دەخات بە دەسەڵاتی

خۆی بۆ هەر تاکێك . ئەم جۆرە بڕیارانە بە گشتی پەیوەیستن بە هەڵوێست و پەرچەکردارمان بەرامبەر بە بارودۆخەکانمان ، نەك بەئازادیمان لە هەڵبژاردنی بارودۆخمان .

**١. خودا ڕاگەیاندنەکانی خۆی لە کتێبی پیرۆزدا دەدات بە باوەڕداران بۆ وەرگرتنی بڕیارەکانیان بە پێی خواستی خۆی.**

پێشەکی : هەموو ئەوەی گرنگەو بەپێویستی دەزانێ خودا بۆئەوەی باوەڕدار بیزانێ یان باوەڕی پێی هەبێت یان کاری پێبکات لە کتێبی پیرۆزدا ڕایگەیاندوە . ئیدی بەم شێوەیە ، ئەمەش لەپێناوی وەرگرتنی بڕیارەکان و دیاریکردنی بژاردە جیاوازەکان یان دانانی پلان ئەوەی خودا ڕەزامەندی لەسەرە . دەبێت باوەڕداری مەسیح فێر بێت پشت بەکتێبی پیرۆز ببەستێت لە وەرگرتنی بڕیارو دیاریکردنی بژاردەکانی وپلانەکانیدا لەسەر بنەمای خواستی ڕاگەیەنراوی خودا . ڕاگەیاندنی خودا پێکهاتوە لە فێکردنە دیاریکراوەکانی و فێرکردنە گشتیەکانی . ئەم فێرکردنانەش لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە کە دەکرێ باوەڕداری مەسیح بۆ بڕیارەکانی سودی لێوەربگرێت .

أ. فێکردنە دیاریکراوەکان یان خواستی خودا لە ڕووی ئەخلاقیەوە .

بزانە : فێکردنە دیاریکراوەکانی خودا پێکهاتوە لە هەموو ڕاسپاردەکانی و ڕێگریەکانی و فێرکردنە دیاریکراوەکانی نێو کتێبی پیرۆز ، ئەمەش هەروەها ناودەبرێ بە خواستی خودا لە ئاکارو هەڵسوکەوتەکاندا. ئەم فێرکردنانە باوەڕداران فێر دەکات لەبارەی ئەوەی چی چاکەو چی خراپە ، کامە ڕاستەو کامە هەڵەیە لەبەرچاوی خودا . خودا فەرمان دەکات کە گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی و ڕێگریەکانی و فێکردنەکانی بین بێ گوێدانە کلتور ، یان کامیان پێ باشترە ، وە چۆن هەستی پێدەکەن . دەبێت باوەڕدارانی مەسیح لە نێوان گوێڕایەڵی خودا یان یاخی بوون لێی یەکیان هەڵبژێرن . هەندێ جار باوەڕدار حەز دەکات گوێڕایەڵی خودا بێت بەڵام دڵنیا نیە لەوەی ڕاسپاردەیەکی دیاریکراو ئاراستەی هەموو باوەڕداران کراوە یان ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو یان کۆمەڵەیەکی دیارکراوی خەڵک کراوە .

<u>نمونە لەسەر فێرکردنە دیاریکراوە ئاراستە کراوەکان بۆ باوەڕداران</u> . " هیچ کەسێکتان خودای دیکەی بێجگە لە منتان نەبێت " ، " دزی مەکەن" (دەرچوون ٢٠) . " تۆبە بکەن و باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن " (مەرقۆس ١: ١٥) . " ئیتر هەروەك چۆن عیسای مەسیحتان بە گەورەی خۆتان وەرگرتووە، بە یەکبوون لەگەڵ ئەو بەردەوام بن لە ژیان ، لە ئەودا ڕەگ دابکوتن و خۆتان بنیاد بنێن . وەك فێربوون چەسپاو بن لە باوەڕدا، هەروەها با دڵتان پڕ لە سوپاسگوزاری بێت. " ( کۆلۆسی ٢: ٦- ٧) . " ئەگەر گەردنی خەڵکی لەبەر خراپەکانیان ئازاد بکەن، ئەوا باوکی ئاسمانیشتان لێتان خۆشدەبێت." ( مەتا ٦: ١٤) ." بەڵام ئەی گوێگران پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی ڕقیان لێتان دەبێتەوە، " (لۆقا ٦: ٢٧- ٢٨) . هاوسەرگیری مەکە لەگەڵ بێباوەڕدا (٢کۆرنسۆس ٦: ١٤).

ئەم فێرکردنە دیاریکراوانە هەروەها ناودەبرێن بە خواستی خودا لە ئاکارو هەڵسوکەوتەکاندا .

نمونە لەسەر فێرکردنە دیاریکراوە ئاراستەکراوەکان بۆ کەسانی دیاریکراو یان کۆمەڵەیەك یان بارودۆخێکی دیاکریکراو . ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە قوربانی سەربڕاو و دەیەك ئاراستە کراوە تەنها بۆ ئیسرائیل ، گەلی خودا لە پەیمانی کۆندا ( مەلاخی ١: ١، ٦- ١٤ ؛ ٣: ٦- ١٢). وە ڕاسپاردەی فرۆشتنی هەموو ئەوەی هەیەتی و نرخەکەی بدرێ بە هەژاران ڕاسپاردەیەکە ئاراستەی گەنجە

دەوڵەمەندەکە کرا کاتێ چاوی بە عیسا کەوت ( مەرقۆس ١٠: ٢١) . خەتەنە کردنی جەستەیی ڕاسپاردەیەکە ئاراستەی گەلی خودا کرا تەنها لەماوەی پەیمانی کۆندا ( پەیدابوون ١٧: ٩- ١٤؛ گەلاتیە ٥: ٣- ٤ ؛ ٦: ١٢- ١٥) . وە بەڵین بۆ بونیادنانی نەتەوەیەك یان هەڕەشەی لەناوبردنیان دوو فەرمانن ئاراستەی ئەو نەتەوانە کراون کە مەرجەکانی وەدیهاتنی ئەو بەڵێنە یان ئەو هەڕەشەیان تێدا بوە ( یەرمیا ١٨: ٦- ١٩ ؛ بڕوانە یۆحەنا ٢: ٧) .

دەبێت باوەڕداری مەسیح فێر بێت بەشێوەیەکی ڕاست ڕاڤەی کتێبی پیرۆز بکات . دەبێت هەمیشە بەشداری باوەڕدارە داناکان و پێگەیشتوەکان بکات ئەگەر ویستی ڕاڤەی کتێبی پیرۆز بکات . کاتێ باوەڕدار دڵنیا نیە سەبارەت بە بابەتێك کە پەیوەستە بە فێرکردنە دیاریکراوەکانی خودا ، دەبێت هەوڵ بدات داوای ئامۆژگاری و ڕاوێژ بکات لە باوەڕدارانی دیکە وە بەردەوام داوای ڕێنمایی لە خودا بکات لە نوێژەکانیدا بۆئەوەی خودا ڕابەرایەتی هزرو دڵ وکارەکانی دەکات بە ڕۆحی پیرۆزی ( زەبور ١٤٣: ٨- ١٠).

**ب. فێرکردنە گشتیەکان (دانایی خودا).**

زەبور ٣٢: ٨- ١٠ ؛ ئیشایا ٤٨: ١٧؛ یاقوب ١: ٥- ٨ **بخوێنەوە** .

بزانە: فێرکردنە گشتیەکان پێکهاتوە لە ڕاسپاردەکان وڕێگریەکان و فێرکردنە گشتیەکان لە کتێبی پیرۆزدا ، ئەمەش ناو دەبرێ هەروەها بە "دانایی خودا" ئەم ڕاسپاردەو ڕێگریانە باوەڕداران فێردەکات سەبارەت بەوەی کامە دانابیەو کامە گێلایەتیە لەبەرچاوی خودا . خودا فەرمان دەکات بە باوەڕدارانی مەسیح کە شوێنی دانایی خۆی بکەون لە وەرگرتنی بڕیاری باش ودیاریکردنی بژاردەو ئەلتەرناتیڤەکان بۆ دانانی پلان .

هەندێ جار باوەڕدارانی مەسیح ڕوبەڕوی بڕیاری گرنگ دەبنەوە ، بێ ئەوەی بتوانن فێرکردنێکی ئاشکرا لە کتێبی پیرۆزدا بدۆزنەوە سەبارەت بەو بڕیارە ، لەگەڵ ئەمەشدا ، دەبێت پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنی یەکێک لە دوو ڕێگاکە . لەم جۆرە بارەدا ، خودا بەڵینی داوە بە باوەڕداران کە ڕێنماییان بکات لە ڕیگاکەی خۆیدا . لە زەبور ٣٢: ٨- ١٠ دەخوێنینەوە خودا بەڵینی داوە و دەفەرموێ : " من فێرت دەکەم و ڕێنماییت دەکەم بۆ ئەو ڕێگایەی کە دەبێت پێیدا بڕۆیت، ئامۆژگاریت دەکەم و چاودێریت دەکەم. " وە بەڵین دەدات لە ئیشایا ٤٨: ١٧ داو دەفەرموێ : " من یەزدانی پەروەردگارتانم، فێرتان دەکەم بۆ ئەوەی سوود وەربگرن، بە ڕێگایەکدا دەتانبەم هەتا بیگرنەبەر. " وە لە یاقوب ١: ٥- ٨ کتێبی پیرۆز هانی باوەڕداران دەدات نوێژ بکەن و تیایدا داوای دانایی لە خودا بکەن .

<u>نمونە لەسەر ئەو بابەتانەی پێویستیان بە بڕیار هەیە</u> : زۆر بابەت هەن لەژیانماندا خودا ڕاسپاردەیەکی دیاریکراو و ڕاستەوخۆ یان فێرکردنێکی ڕاستەوخۆو دیاریکراوی نەداوە . بۆ نمونە ، چۆن دەتوانم خواستی خودا بزانم لە بارەی وەکو " ئەو بوارە پسپۆڕیە کامەیە دەبێت لە زانکۆ بیخوێنم؟ " لەگەڵ کام باوەڕدار دەبێت هاوسەرگیری بکەم ؟ " دەبێت ئەم شتە بکڕم یان نا ؟ " شێوازی گوزەرانم لە ژیاندا کامەیە بۆئەوەی هەڵبیژێرم ؟"

<u>نمونە لەسەر فێرکردنی گشتی</u> : لەگەڵ ئەمەشدا ، خودا ڕاسپاردەو ڕیگری و فێرکردنی گشتی داوە یان بنەماکانی لە کتێبی پیرۆزدا ، ئەویش گوزارش لە دانایی خودا دەکات ، وە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەین لە خواستەکانی خودا بۆ وەرگرتنی بڕیارە دروستەکان . نمونەش لەسەر ئەو بنەمایانە ئەمانەن:

" هەروەها بزانن کە چی جێگەی ڕەزامەندی مەسیحی خاوەن شکۆیە " (ئەفەسۆس ٥:١٠) . " بۆیە ئاگاداربن چۆن دەژین، نەك وەك نەفام، بەڵکو وەك دانا، ( ئەفەسۆس ٥: ١٥) . " کەواتە با تێبکۆشین لە پێناوی ئەوەی بەرەو ئاشتی و بنیادنانی یەکترمان دەبات " (ڕۆما ١٤: ١٩) .

زۆرجار لەژیانماندا ، نازانین چی ڕاستیەك هەیە دەستبەجێ ڕەزامەندی خودای لەسەرە ، وە نازانین کە کارەکەی دانایيە لەچوارچێوەی بارودۆخەکەدا، وە کامە بەڕاستی دەرفەتە یان کامەیە ئەو کارەی دەمانبات بەرەو ئاشتی و بونیادنانی یەکتر. خودا فەرمان دەکات بە هەموو خەڵکی کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە وەرگرتنی بڕیاریان بە دانایی کە وەرگیرابێت لەسەر بنەمای ئەم فێرکردنە گشتیانەوە . وە کاتێ باوەڕداری مەسیح بەتەواوی دڵنیا نیە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی فێرکردنە دیاریکراوەکانی خودا لەسەر بارودۆخەکەی و ژیانی پێویستی بەوەیە بڕیارەکانی لەسەر بنەمای فێکردنە گشتیەکان یان پەنابردنە بەر ڕاوێژی کەسانی دیکە وەربگرێت .

بروانە " پەروەردگارێتی خودا: ئاشکراکردنی خواستی خودا" لە ڕێبەری ڕینماییەکانی چوارەم ، وانەی ٤٣ .

**ج. ئەو سەرچاوانەی کە دەتوانین دانایی خودای لێ وەربگرین .**

**بزانە** : ئەو سەرچاوانەی کە دەتوانین دانایی خودای لێ وەربگرین ئەمەیە:

کتێبی پیرۆز ( زەبور ١١٩: ٩٧- ١٠٠)

نوێژ ( یاقوب ١: ٥)

ڕاوێژکارەکان (پەندەکان ١١: ١٤)

گەڕان و لێکۆڵینەوە (نەحمیا ٢)

**د. پرسیارە داناییەکان** .

**بزانە** : خودا داوا لە باوەڕداران دەکات ، ئەوانەی حەز دەکەن بڕیارەکانیان لەسەر بنەمای دانایی خودا بێت ئەوا خودا دەیەوێ باوەڕداران عەقڵیان بەکار بهێنن ( مەرقۆس ١٢: ٣٠) لە پشکنینی بەڵگەکان . وە نمونەش لەسەر ئەمە:

١کۆرنسۆس ١٠: ٢٣ **بخوێنەوە** ، کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات چی یاساغە یان ڕێگری لێکراوە لە وشەکانی خودا یان ڕێگەی پێدراوە ، هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەنگە زۆر پێویست نەبن ، بۆیە دەبێت باوەڕداری مەسیح بزانێت و ئەو شتانە دیاری بکات کە ڕێگەیان پێدراوە لەبەرئەوەی سودبەخشن .

١کۆرنسۆس ٧: ١، ٩ **بخوێنەوە** . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هەموو ئەو شتانەی ڕێگری لێنەکراوە لە کتێبی پیرۆزدا یان یاساغ نەکراوە دەکرێ باش بن ، بەڵام ڕەنگە باشترین نەبن . بۆیە دەبێت باوەڕداری مەسیح بڕیار بدات کام شتە باشترە لەوانی دیکە !

١کۆرنسۆس ٧: ٢٨، ٤٠ **بخوێنەوە** . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕداری مەسیح ئەو هۆکارانە دیاری بکات کە دەبنە کێشە یان بەختەوەری و ڕەزامەندی لێدەکەوێتەوە ! هەندێ جار ڕەنگە ببێتە هۆی بەختەوەری کەسێك بەڵام بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی چەوسانەوەو ناڕەحەتی بۆ کەسێکی دیکە .

١کۆرنسۆس ١٦: ٤؛ ٢کۆرنسۆس ٩: ٥ **بخوێنەوە** . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە دەبێت باوەڕداری مەسیح کامە باشە بۆ کارەکەی و زۆر گرنگە دیاری بکات !

مەتا ٦: ٣٣ **بخوێنەوە** . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە خودا یەکەمینە دیاریکراوەکانی بۆ هەر باوەڕدارێك دەستنیشان کردوە . بۆیە دەبێت باوەڕدار ئەو یەکەمینانە دیاری بکات لە ژیانیدا کە جێی ڕەزامەندی خودایە .

پەندەکان ١٦: ١- ٤ ،٧ ، ٩ ، ٢٥ ، ٣٣ ؛ ڕائووس ٢ بخوێنەوە . ئەم ئایەتانە فێرمان دەکەن کە دەبێت باوەڕداری مەسیح پشت بە دانایی خودا ببەستێ لە بڕیارەکانیداو بەرپرسیارە لە دیاریکردنی باشترین بژاردە. زۆرجار لەنێو هەموو بژاردەکاندا یەك بژاردە دانایی تێدایە . کاتێ ئەمە ڕوودەدات ، واتە ئەو بژاردەیەی داناییەکەی تێدایە جێی ڕەزامەندی خودایە . وە کاتێ زۆربەی بژاردەکان وەکو یەك یەکسانن وهەمویان داناییان تێدایە ئەوا هەر کام لەو بژاردانە جێی ڕەزامەندی خودایە ، وە خودا بە دەسەڵاتی خۆی باشترینیان دیاری دەکات ، چونکە خودا ڕێگە نادات بە ڕۆڵەکانی کە بەڕێگەی گوناهەو هەڵەدا بڕۆن .

**<u>٢. خودا ئازادی و بەرپرسیارێتی دەدات بە باوەڕداران بۆ وەرگرتنی بڕیارە دیاریکراوەکان .</u>**

**بزانە .**

**أ. ئازادی هەڵبژاردن لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتی لەخۆ دەگرێ .**

خودا مرۆڤی وەکو ئامێر دروست نەکردوە بەڵکو لەسەر شێوەی خۆی بەدیهێناوە ( پەیدابوون ١: ٢٧) . لەسەروو ئەمەوە ، خودا هەموو ئەو کارانەی کە دەبێت مرۆڤ بیکات بۆی ڕانەگەیاندوە ، بەڵکو ڕاسپاردەی داوە بە مرۆڤ کە خودای بە هەموو بیرو دڵ وکارەکانی خۆش بوێ . خودا عەقڵی داو ەب ەباوەڕداران بۆئەوەی بەکاری بهێنن کاتێ حەز دەکەن بڕیارێك بەدانایی وەربگرن وە یان دەیانەوێ ئەو بژاردەو ئەلتەرناتیڤە جیاوازانە دیاری بکەن لەبەردەستیانە لە هەموو لایەنەکاندا کە خودا ڕاگەیاندنێکی دیاریکراوی لەبارەوە نیە . خودا دڵی داوە بە باوەڕداران دەتوانن هەڵبژێرن ، وە دەبێت هەڵبژاردنێکیان هەبێت کە بەهەموو دڵ و ویژدانیانەوە گوێڕایەڵی خودا بن (مەرقوس ١٢: ٣٠- ٣١) هەروەها ویژدانی داوە پێیان (کردار ٢٤: ١٦؛ ڕۆما ٢: ١٥) دەتوانن هەست بەوە بکەن کە بڕیارەکانیان دروستەو جێی ڕەزامەندی خودایە یان نا. وە جەستەی داوە پێیان (ڕۆما ٦: ١٣، ١٩) دەتوانن کاری پێبکەن بەپێی خواستی خودا .

بۆیە ، خودا تەنها ئازادت توانای نەداوە بە باوەڕداران بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی دیاریکراو بەڵکو هەروەها بەرپرسیارێتی داوە پێیان ولێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات سەبارەت بە بڕیارەکانیان ئەنجامی بڕیارەکانیان . نابێت باوەڕدار گلەیی لە خەڵکی دیکە بکات لەسەر ئەنجامی بڕیارەکانی . لەگەڵ خودا ئازادی نیە بەبێ بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە . هەروەها بەپێی تێڕوانینی خوا ، ئازادی مرۆڤ هەمیشە دیاریکراوەو سنوردارە . بەشێوەیە نیە هەر کەسێك ئازادی هەبوو چۆن پێی خۆش بێت ئەوە بکات ، یان

ئازادی بێ سنوری هەبێ لەوەی چۆنی پێ خۆش بوو بەو شێوەیە بڕیار بدات . فێرکردنە دیاریکراوەکانی خودا لە کتێبی پیرۆزدا و دەسەڵاتی سەروەرانەی خودا لەسەر بارودۆخەکان ئەو شێوەیە دیاری دەکات کە باوەڕدار بەهۆیەوە دەتوانێ بڕیارەکانی لێ وەربگرێ . ئیدی بەم شێوەیە ، دەبێت باوەڕدار بڕیارەکانی لەسەر بنەمای فێرکردنە دیاریکراوەکانی خودا بێت ( بنەما داناییەکانی خودا لە کتێبی پیرۆزدا).

**ب. خودا ڕێژەیەکی زۆر لە ئازادی دیاریکردنی بژاردەکانی داوە بە مرۆڤ .**

یەکێك لە ڕاستیە گرنگەکانی کتێبی پیرۆز ئەوەیە زۆربەی بڕیارەکان کە دەبێت لەژیانی ڕۆژانەماندا لەسەر زەوی وەریبگرین ، خودا شتێکی بە باشتر یان بژاردەیەکی لەوانی دیکەی بە باشتر گوزارش نەکردوە . خواستی خودا ئەوەیە باوەڕداران ئازاد بن لە پەیڕەوکردن وبەکارهێنانی عەقڵیان و توانای بیرکردنەوەیان و کۆنترۆڵکردنی ویژدانیان بۆ نمونە ، شوانی مێگەل شوانایەتی مێگەلەکەی دەکات بەڵام بڕیار نادات هەرچی گیا هەیە لە چرکە ساتێکدا و هەموو ڕۆژێ بخاتە بەردەم مەڕەکانی بیخۆن !
نمونەی تر : خودا کاتژمێری پێت داوە بۆئەوەی لێی بڕوانی ئایا زیاتر ڕێزی لێ دەگری کاتێ پرسیاری لێدەکەیت لەبارەی کاتەوە لەو ساتەدا ، یان دەڕوانیتە کاتژمێرەکە؟ ئیدی بەم شێوەیە خودا عەقڵ و ویژدان و خواستی پێت داوە بۆئەوەی بەپێێ ڕاوێژی ئەو بکەیت !

**ج. هەندێ جار چەند بژاردەیەك جێی ڕەزامەندی خودایە .**

ڕەنگە تەنها یەك بژاردە جێی ڕەزامەندی خودا نەبێت بەڵکو چەندین بژاردە پێکەوە جێێ ڕەزامەندی خودا بن کامەیان گونجاوە ئەو بژاردەی دروستە .

باوەڕداران ئەوانەی ژیانی ڕۆژانەیان نادەن بە مەسیح ڕەنگە هەڵە بکەن و بڕیارەکانیان هەڵە بن . بەڵام باوەڕداری مەسیح ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی دەدات بە مەسیح دەکرێ متمانەی هەبێت بە مەسیح کە ڕێنمایی دەکات و بڕیاری هەڵە نادات !

**د. هەندێ لایەن کە خودا تیایاندا ئازادی هەڵبژاردن دەدات بە باوەڕداران .**

ڕۆما ١٤: ١- ٥ **بخوێنەوە** . باوەڕدار ئازادە لە هەڵبژاردنی خواردن ، بەڵام دەبێت هەوڵ بدات نەبێتە کۆسپ بۆ کەسانی تر . یان ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژانەی تیایدا ئاهەنگ دەگێڕێ بەڵام ئەو ڕۆژانە نەبێت بتپەرستان ئاهەنگی تێدا دەگێڕن .

١کۆرنسۆس ٧: ٨- ٩ **بخوێنەوە**. باوەڕدار ئازادە لەوەی هاوسەرگیری دەکات یان بە سەڵتی دەمێنێتەوە .

١کۆرنسۆس ٧: ٣٩ **بخوێنەوە** . باوەڕدار ئازادە لەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکات بەو مەرجەی باوەڕدار بێت بە مەسیح .

٢کۆرنسۆس ٩: ٦- ٧ **بخوێنەوە** . باوەڕدار ئازادە لەوەی بڕی چەند پارە دیاری دەکات ببیەخشێ لە پێناوی کاری خودا لە کڵێسای نێوخۆیی یان نێردە جیهانیەکان .

فیلیپی ٢: ١٣ ؛ کردار ١٦: ٦- ١٠ **بخوێنەوە** . باوەڕداری مەسیح ئەوەی دەچەسپێ لە مەسیحدا پێویست ناکات بترسێ لەوەی بژاردەکەی هەڵە بێت بەشێوەیەك پێی وا بێت دژی خواستی خودایە . فیلیپی ٢: ١٣ و کردار ١٦: ٦- ١٠ فێرمان دەکات کە خودا خواستی باوەڕدار ئاراستە دەکات هەروەها بارودۆخیش

ئاراستە دەکات بە پێی خواستی خۆی و مەبەستی چاکی خۆی . وە لە پەیدابوون کتێبی پیرۆز ڕێنماییەکانی خودا بۆ خەڵکی و هاوکات بڕیاری دروستمان پیشان دەدات .

**<u>٣. خودا زۆرترین نیعمەتمان پێ دەبەخشێ بۆ وەرگرتنی بڕیارەکانمان.</u>**

**پێشەکی** : لە دەرچوون ٣٤: ٦- ٧ دەخوێنینەوە : " ئینجا یەزدان لەبەردەمی تێپەڕی و ڕایگەیاند: «یەزدان، یەزدان، خودایەکی بە بەزەیی و میهرەبانە، پشوودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی زۆرە. خۆشەویستی نەگۆڕ دەپارێزێت بۆ هەزاران، لە تاوان و یاخیبوون و گوناه خۆشدەبێت، بەڵام تاوانباران ئەستۆپاك ناكات ... "

خودا بە بەزەیی و میهرەبان و پشوو درێژە لەبەرامبەر خراپەی باوەڕدارانی مەسیح . خودا میهرەبانە بەرامبەر ئەو باوەڕدارانەی تۆبە دەکەن و لە بڕیارە هەڵەکانیان پاشگەز دەبنەوە . خودا بە دەسەڵاتی خۆی بارودۆخی باوەڕداران ئاراستە دەکات لە پێناوی بەدیهاتنی خواستی خودایانەی خۆی لە ژیانیاندا .

**أ. بڕیارە هەڵەکان ئەوانەی بەبێ مەبەست ئەنجام دراون .**

دەبێت باوەڕدار چی بکات کاتێ بڕیارێکی هەڵە دەدات بەبێ مەبەست ؟

کاتێ بۆی دەردەکەوێ بڕیاری هەڵەی داوە بەبێ مەبەست ، وە بەتایبەتی کاتێ بڕیارە هەڵەکەی بوەتە هۆی کێشەی زۆر ، ئەم باوەڕدارە دەست دەکات بە گومان و دڵەڕاوکێ . لەم جۆرە کات وبارودۆخانەدا دەبێت متمانەی بە خوداو بایەخدانەکەی هەبێت ( ١پەترۆس ٥: ٧) ! دەبێت باوەڕدار ئەوە بزانێ کە ئەو هێشتا پڕو تەواو و پیرۆزی تەواوەتی نیە ، وە هەڵە دەکات لە ژیانیدا . بەڵام هەروەها دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت خودا خاوەن دەسەڵات وسەروەرییە . بۆیە ئەو کار دەکات لە هەموو شتێکدا لەپێناوی ئەوانەدا کە خۆشی دەوێن ( ڕۆما ٨: ٢٨) . ڕەنگە باوەڕدار هەمیشە خواستی خودا نەزانێ بەڵام دەبێت کاربکات و بژی بەباوەڕ:" بەبێ باوەڕ مەحاڵە ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنرێت " (عیبرانیەکان ١١: ٦) .

**ب. ئەو بڕیارە هەڵانەی بە مەبەستەوە دەدرێن .**

باوەڕداری تۆبەکار کاتێ بڕیارێکی هەڵەی بە مەبەستەوە وەرگرتوە چاوەڕوانی چی دەرئەنجامێك دەکات ؟

خودا فەرمانی کرد بە یۆنان (یونس) کە بانگەوازی وشەکانی بکات لە شارێکی زۆر گەورە بە نەینەوا ناودەبرێ ( یونس ١: ٢) . یۆنان دەترسا لەکارەکانی خواستی خودا ، ئەوەی هەڵبژارد کە هەڵبێت بۆ شوێنێك پێی وابوو کە خوداوەند ناتوانێ بگاتە ئەو شوێنە . بەڵام خوداوەند نەهەنگێکی بەکارهێنا بۆ گەڕانەوەی یۆنان بەرەو تۆبەکردن ! وە کاتێ یۆنان تۆبەی کرد ، دوبارە خودا فەرمانی پێکرد کە بڕوات بۆ نەینەوا تا بانگەوازی خودا ڕابگەیەنێ بۆ دانیشتوانی شارەکە ( یۆنان ٣: ١- ٢) .

ئیدی بەم شێوەیە دەشێ خودا بارودۆخێکی دیاریکراو لە ژیانتدا بەکار بهێنێ بۆ گەڕانەوەت بۆ لای خۆی . ئەمەش ئەو ەدەردەخات کە خودا تەنها یەك پلانی نیە بۆ هەر باوەڕدارێك بەڵکو پلانی دوەمیشی هەیە هەروەها ، ئەمەش باشترین پلانە لەلای خودا لە بارودۆخێکی نوێدا ! کاتێ باوەڕدار تۆبە دەکات لە یاخی بونەکانی بەرامبەر بە پلانی یەکەمی خودا خودا بە بەزەییەو لە گوناهەکانی خۆش دەبێت (

١یۆحەنا ١: ٩) وە بە بەزەیی و میهری خۆی پلانی دوەمی باشتری دەداتێ بەگوێرەی باشی پلانی یەکەمی !

ڕۆڵەکانی خودا کاتێ تۆبە دەکەن خودا پلانی سێ یەم یان چوارەم یان پێنجەمیشی هەیە بۆیان وە هەموو پلانی چاکەن چونکە خودا پڕوتەواوە لە لێخۆشبوون و خۆشەویستیەکەیدا ( پەندەکان ٢٤: ١٦) . خودا بڕیاری داوە هیچ شتێك نەتوانێ بوەستێ لە ڕێگای ئەنجامدانی خواستەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆڵەکانیدا ( ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧) !

ج. ئەو بارودۆخانەی لە دەرەوەی کۆنترۆڵکردنن .

باوەڕداران دەبێت چۆن بڕواننە خواستی ڕانەگەیەنراوی خودا پەیوەست بە بارودۆخی کەسێتیان ؟

تەنها خودا خۆی خواستە ڕانەگەیەنراوەکانی خۆی دەزانێ ( دواوتار ٢٩: ٢٩) . خودا بۆخۆی خودایە ، بیر و ڕێگاکانی زۆر قوڵترە لە بیرو ڕێگای مرۆڤ ( ئیشایا ٥٥: ٨- ١١) . خواستی خودا لە کتێبی پیرۆزدا ڕاگەیەنراوە کە خواستی سەروەرانەیەو خودا بۆ خۆی مەبەستەکانی بەدیدەهێنێت . بەڵام خواستی ڕانەگەیەنراویشی هەیە بۆ نمونە خودا ڕاینەگەیاندوە بۆمان بۆ نمونە بۆچی ئێمە لە خێزانەکانماندا لە دایکبووین ، وە لە کاتی دیاریکراوی ئەو بەروارە و شوێنی دیاریکراو لەم جیهانەدا ( کردار ١٧: ١٦) خودا ڕاینەگەیاندوە چەند ساڵ دەژین ( زەبور ٩٠: ١٠- ١٢) . وە بۆی ڕانەگەیاندوین توشی چەند بارودۆخی سەخت دەبینەوە ( ڕۆما ٥: ٣- ٤) . بەڵام خودا ڕایگەیاندوە بۆمان کەئەو کاردەکات لە ڕێگەی شتەکانەوە بۆ چاکەی ئەوانەی خۆشی دەوێن ئەوانەی بانگکراون بە پێی خواستەکانی خۆی ( ڕۆما ٨: ٢٨) . ( ١ پەترۆس ٥: ٧) !

**٤. بڕیارە هاوبەشەکان یان بڕیارە ڕێکخراوەکان .**

**پێشەکی** : زۆرجار بڕیار هەیە دەبێت لەچوارچێوەی کۆمەڵەیەکدا وەربگیرێت . ئەم جۆرە بڕیارانە هەروەها سنورێکی دیاری کراویان هەیە ، ئەمەش بەپێی فێرکردنەکانی ڕاگەینراوی خودا لە کتێبی پیرۆزدا . خودا بەهیچ ڕابەرێکی کڵێسا یان ڕابەرێکی بێباوەڕ لە جیهاندا دەسەڵاتی نەداوە بۆئەوەی بڕیار لەسەر بنەماکان بدات سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیار . لە نێو باوەڕدارانی مەسیحدا دەبێت ئەنجومەنی پیران ( ئەنجومەنی کڵێسا – لیژنەی کڵێسا ) وە جاری وا هەیە هەموو کڵێسا بڕیار دەدەن . خودا لە کتێبی پیرۆزدا فێرمان دەکات کە بەرپرسیارێتیەکانی کڵێسا و دەستەو ڕێکخراوەکانی کڵێسا بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بەرپرسیارێتی کڵێساکان و ڕێکخراوە مەسیحیەکان کامانەن ئەوەی پەیوەستن بە بڕیارە تایبەتەکان بە ڕێکخراوەوە ؟

**تێبینیەکان .**

**أ. ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە بیروباوەڕەوە ئەوەی فێرکردنی لەبارەوە پێشکەش دەکرێت لە کڵێسادا .**

تیتۆس ١: ٩ بخوێنەوە . " دەست بە پەیامی متمانەوە بگرێت کە بەگوێرەی فێرکردنە، تاکو بتوانێت بە فێرکردنی دروست خەڵك هانبدات، سەرزەنشتی بەرهەڵستکاران بکات. " ئەرکی هەموو ڕابەرێکی

مەسیحیە بە بەردەوامی تاقیکردنەوەی دانپیانانی باوەڕ لە کڵێسادا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بە چالاکانە ( تیتۆس ۱: ۹) .

عیبرانیەکان ۱۳: ۱۷ ؛ ۱پەترۆس ۵: ۳ ؛ کردار ۵: ۲۹ ؛ ۱تیمۆساوس ۵: ۲۰ ؛ ۳یۆحەنا ۹- ۱۱ ؛ ۱کۆرنسۆس ۵: ۱۲- ۱۳ **بخوێنەوە** .

مەرج و ئامادەکاریە پێویستیەکان بۆ ڕابەرانی مەسیحی : دەبێت هەر کڵێسایەك پیران لەسەر بنەمای مەرجە داواکراوەکانی کتێبی پیرۆز دەستنیشان بکات . نابێت کڵێسا ئەو سنورانە ببەزێنێ کە خودا بڕیاری لەبارەوە داوە .

مەرج وئامادەکاریە پێویستیەکان لە ڕابەرانی مەسیحیدا : دەبێت کڵێسا ئەرکی ئەو ڕابەرانە لەو چوارچێوانەدا ڕێکبخات کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات : کە شوانی خەڵکی بن وە دەستپاك بن لە موڵك ومالّی کڵێسا وە مامۆستای وشەکانی خودا بن وە خزمەتکار بن بەو شێوازەی خزمەتەکەی پێ بەڕێوە دەبەن .

دەسەڵاتی سنوردار بۆ ڕابەرانی مەسیحی : هەروەها دەبێت کڵێسا دەسەڵاتی ڕابەران سنوردار بکات لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی لێیان داوا کراوە لەلایەن کتێبی پیرۆزەوە . ( عیبرانیەکان ۱۳: ۱۷) . مەتا ۲۰: ۲۵- ۲۸ ؛ ۱پەترۆس ۵: ۳) . باوەڕداران پەیوەست نین بە گوێڕایەڵیکردنی ئەو ڕابەرانەی بڕیارەکانیان سنوری بنەماکانی کتێبی پیرۆز دەبەزێنێ ( کردار ٤: ۱۹ ؛ ٥: ۲۹) . دەبێت باوەڕداران هەروەها ڕێگە نەدەن بە ڕابەرانیان بڕیار لەسەر ژیانی تایبەت بە کەسێتی باوەڕداران بدەن ، ئەوەی مافی خودایە بڕیاری لەبارەوە بدات وە مافی هیچ ڕابەرو پیرێکی کڵێسا نیە جێی ڕۆحی پیرۆز بگرێتەوە یان کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ژیانی باوەڕدارێکی دیکە !

سەرزەنشتکردنی ڕابەرانی مەسیحی و دورخستنەوەیان لە ئەرکەکانیان : دەبێت باوەڕداران سەرزەنشتی ئەو ڕابەرانە بکەن کە یاخی دەبن لە خودا ( ۱تیمۆساوس ٥: ۲۰) ، وە دەبێت ئەوانەی بەردەوام دەبن لە یخای بوون دووریان بخەنەوە لە ئەرك وبەرپرسارێتیان ( ۳ یۆحەنا ۹- ۱۱ ؛ ۱کۆرنسۆس ٥: ۱۳- ۱۳) .

**ج. ئەو بڕیارانەی تایبەتە بە سیستەمی ناوخۆی کڵێساو پرۆسەی شێوازی وەرگرتنی بڕیارەکان .**

سیستەمی ناوخۆ : دەبێت هەموو کڵێسایەك سیستەمی ناوخۆی لەچوارچێوەی فێرکردنە ئاشکراکانی کتێبی پیرۆزەوە بێت. نابێت هیچ ڕابەر و پیرێك ئازادی و بەرپرسیارێتی باوەڕداران زەوت بکەن ، چونکە ئەمە وا دەکات باوەڕداران شەریعەتی بن . هەروەها وا دەکات کە ڕابەران خۆسەپێنەر بن و ئیدی باوەڕدارانی ئاسایی پێگەیشتوو نابن لە ڕۆحدا . خودا شەریعەت پەرستەکان ئیدانە دەکات (گەڵاتیە ٥: ٤) هەروەها ئەوانەی حەزیان بە دەسەڵاتدارێتی و خۆسەپاندن هەیە ( مەتا ۲۰: ۲۵- ۲۸) ! دەبێت ڕابەرانی کڵێسا هەموو بڕیارە گرنگەکان لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا وەربگرن پێکەوە .

پرۆسەی وەرگرتنی بڕیارەکان : دەبێت هەموو کڵێسایەکی نێوخۆیی دەستەیەك لە پیرانی هەبێت نەك تەنها یەك ڕابەر ، ئیدی گرنگ نیە ئەو ڕابەرە بەچی ناودەبرێ ( ۱تیمۆساوس ٤: ۱٤) . نابێت پیرانی کڵێسا یان ڕابەرانی ڕێکخراوێکی مەسیحی خۆیان بسەپێنن بەسەر باوەڕداراندا ( ۱پەترۆس ٥: ۳)

چونکە هەموو باوەڕدارانی ئاسایی بەشدار بوونە لە وەرگرتنی بڕیارە گرنگەکان کە تایبەت بوونە بە کڵێسا وەکو هەڵبژاردنی نێردراوێکی نوێ ( کردار ١: ١٥- ٢٦) وە دەستنیشانکردنی خزمەتکاران ( کردار ٦: ١- ٧) دەبێت پێکەوە هەمیشە لە هەڵبژاردنی پیرانی کڵێساو بڕیارە گرنگەکاندا کار بکەن .

هەندێ بڕیاری دیکە هەیە دەکرێ لە کۆبونەوەی سالانەی کڵێسادا وەربگیرێ . بۆ نمونە . ئەو بڕیارانەی پەیوەندی هەیە بە دانپێدانانەکانی باوەڕ لە کڵێسادا ، وە بڕیارەکانی تایبەت بە پێوەرە ئەخلاقیەکان و هەڵوێست بەرامبەر بە بابەتە ئەخلاقیەکان لە کڵێسادا ، وە بڕیارەکانی تایبەت بە چالاکی ساڵانە لە کڵێسادا وە تایبەت بە هاوکێشەکانی ساڵانەی کڵێسا و تایبەت بە موڵك و کڕین وفرۆشتنی موڵکەکانی کڵێسا وە بڕیارەکانی تایبەت بە سەرزەنشت یان دانپێدانانی ڕابەرێك بە گوناهەکەیدا.

بڕیارەکانی نێو کڵێسای مەسیحیەت کتێبیە نەك بە شێوازی دیموکراسی و دەنگدانی زۆرینە ، بەڵکو بەرنامەو سیستەمی کڵێسا کە بەپێێ کتێبی پیرۆزە .

د. فێرکردنەکانت بەو شێوەیە بێت یارمەتی ئەوانی تر بدات لە وەرگرتنی بڕیاردان

**١. پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بەرپرسارێتی ڕاوێژکاری ئامۆژگاریکەرە ، بەڵام وەرگرتنی بڕیار ئەرکی داواکەری ئامۆژگاری وڕاوێژە .**

**بزانە** : زۆرجار مرۆڤ ڕوبەڕوی تاقیکردنەوە دەبێت و بەخەڵکی دەڵێت دەبێت ئەوە بکەن ، بێ ئەوەی یارمەتیان بدات لە وەرگرتنی بڕیارەکان . نابێت ڕاوێژکار بڕیارەکان وەربگرێتەوە لە داواکەری ڕاوێژ وئامۆژگاری یان بڕیار بدات لەسەر بژاردەو بابەتاکان لەبەردەمیدا ! بۆیە دەبێت باوەڕدارانی نوێ فێر بکەیت جیاوازی بکەن لە نوێیان گوێگرتن لە ئامۆژگاری لەلایەك و بۆخۆیان بڕیاردان لەلایەکی دیکەوە .

**٢. پێشکەشکردنی نمونە بەرپرسیارێتی ڕاوێژکارو ئامۆژگاریکەرە ، بەڵام شوێنکەوتنی نمونەکە بەرپرسیارێتی داواکەرە .**

**بزانە** : ڕەنگە داواکەری ئامۆژگاری کاتێ گوێبیستی ئەوە دەبێت ئامۆژگاریکەر چی هەڵبژاردوە یان بڕیاری لەسەر چی داوە یان کام کارەی هەڵبژاردوە لەو باردۆخە سەختەدا زۆری پێ باش بێت ، بەڵام زۆرجار باشترە بۆ ئامۆژگاریکەر بە داواکەر نەڵێت چی بڕیارێك بدات هەمان ئەو بڕیارە بدات یان هەڵبژێرێ کە لەسەر شێوەی ژیانی خۆیەتی . چونکە داواکەری ئامۆژگاری دەزانێ کە تەنها نمونەی مەسیح شایەنی شوێنکەوتنە ، بۆیە ڕاوێژکارو ئامۆژگاریکەر دەبێت داواکەری ئامۆژگاری ئاگاداربکاتەوە لەوەی داواکەر بەرپرسارێتی ولێپرسینەوەی هەیە لەبەردەم خودا لەبەرامبەر ئەو بڕیارەی دەیدات یان ئەو هەڵبژاردەیەی ئەنجامی دەدات!

**٣. حوکمدان بەسەر ڕاوێژکارێکی دیکە یان بڕیاری داواکەری ئامۆژگاری و ڕاوێژ بەرپرسیارێتی ڕاوێژکار نیە .**

**بزانە** : دەبێت ڕاوێژکار ئاگادار بێت ڕەخنە نەگرێت لە ڕاوێژکاری دیکە . مەگەر ئامۆژگاریەکەی دژی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بووبن بە ڕوونی. هەروەها دەبێت ئاگادار بێت ، ئیدانەی بڕیاری داواکەری ئامۆژگاری نەکات ، مەگەر پێچەوانەی خواستی خودا بێت بە ڕوونی لە کتێبی پیرۆزدا . هەروەها دەبێت هانی ئەوانە بدرێت کە هەست لاوازی خۆ بەکەمزان دەکەن ( ١سالۆنیکی ٥: ١٤) !

دەرئەنجام : ئەرکی ڕاوێژکارو ئامۆژگاریکەر ئەوەیە یارمەتی داواکەری ئامۆژگاری بدات لە وەرگرتنی بڕیار کە خودی خۆی بڕیارەکە بدات نەك ڕاوێژکارەکە وە خۆدی خۆی بژاردەکان هەڵبژێرێ نەك ڕاوێژکارەکە وە دەبێت بەرپرسیارێتی تەواوی ئەنجامەکانی بڕیارەکەو بژاردەکان لە ئەستۆ بگرێ .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " زۆرکردنی ڕێژەی باوەڕداران و کڵێساکان " .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە عیبرانیەکان ٤- ٧ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. یۆحەنا ١٤: ٦ ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا 15. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.